# ڕێكخراوی كوردستان بە بۆنەی حەوتەمین ساڵیادی تیرۆركردنی هاوڕێیان شاپور عبدالقادرو قابیل عادلدا، مەراسمێك لە سەر مەزاریان ڕێكدەخات

ڕۆژی 2005/4/18 ڕیكەوتی حەوتەمین ساڵیادی تیرۆركردنی هاوڕێیان شاپور عبدالقادر ئەندامی مەكتەبی سیاسیو قابیل عادل ئەندامی كۆمیتەی رابەری رێكخراوی كوردستانی حزب، لەلایەن رێكخراوی كوردستانی حزبەوە مەراسیمێك لەسەر مەزاری ئەم هاوڕێیانە لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی سازكرا. مەراسیمەكە بە دەقیقەیەك وەستانو بێدەنگی بۆ رێزلێنانی لە یادی هەردوو هاوڕێ گیانبەختكردووو تێكڕای گیانبەختكردووان رێگای سۆسیالیزم دەستی پێكرد. پاشان سامان كەریم بەرپرسی حزب لە كوردستان وێڕای ئەوەی كە بەناوی لیدرو مەكتەبی سیاسیو رێكخراوی كوردستانی حزبەوە بەخێرهاتنی ئامادەبووانی كردو ئاماژەی بە رۆڵو جێگاو رێگای هاوڕێیان شاپوور عبدالقادرو قابیل عادل كرد لە رێزی پێشەوەی خەباتو ناڕەزایەتی خەڵكی ئاوارەو بیخانەولانەو دەستفرۆشانو... داكرد، تیرۆركردنی ئەم دوو هاوڕێیەی بە ئبفلاسی ئیسلامی سیاسی لەقەڵەمدا لە رووبەڕووبوونەوەیەكی كۆمەڵایەتیدا. سامان كەریم لە كۆتایی قسەكانیدا جەختی لەسەر درێژەدان بە رێبازێك كرد كە ئەوان ئاڵاهەڵگری بوون. دوای ئەوە نادیە محمود چەپكە گوڵی لیدەری حیزبی لەسەر مەزاری هاوڕێیان داناو وتەیەكی كورتی پێشكەشكرد. پاشان هەلالە رافع بەناوی ریكخراوی ئازادی ژنەوە لەعێراق وتەیەكی پێشكەشكرد، ئینجا زمناكۆ عەزیز ئەندامی مەكتەبی سیاسی چەپكە گولێ ڕیكخراوی كوردستانی لەسەر مەزاریان داناو وتەیەكی كورتی پێشكەشكرد، لەدوای ئەویش بورهان فتاح لەجیاتی كۆمیتەی بەریتانیای حزب چەپكە گولێكی لەسەر مەزاریان داناو وتەیەكی كورتی پێشكەشكرد. دوا وتە لەلایەن دەشتی جەمال ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حزبەوە پێشكەشكرا كە مەراسیمەكەی بەڕیوە دەبرد، كە وێڕای دوبارە بەخێرهاتنی ئامادەبوانو سوپاس كردنیان بۆ ئامادەبونیان، بە جەختكردنە سەر جۆشدانی خەباتو بەردەوام بون لەسەر خەباتێكی كۆمۆنیستی كە هاوڕێیان ڕابەرو پەیام هەڵگری بوون كۆتایی بەمەراسیمەكە هێنا.

شایانی باسە كە وێڕای دەیان كەس لە كادرو ئەندامانی حزب هاوڕێیان فارس محمود بەرپرسی ڕێكخراوی دەرەوەی حیزبو خەسرەو سایە ئەندامانی مەكتەبی سیاسیو ریبوار عارفو عبداللە محمود ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی ئامادەی مەراسیمەكەبون.

هەر بەم بۆنەوە، شاندێكی حیزب لە شاری كەكوك سەردانی خێزانی هەردوو هاوڕێیانیان كرد، شاندەكە پیكهاتبوو لە رەمەزان صابر بەرپرسی حیزب لە كەركوكو محمد عەزیز ئەندامی كۆمیتەی ناوەندیو جاسم حسنو جاسم محمد ئەندامانی كۆمیتەی كەركوكو هاوری فەریق كادری حیزب.